قوباد تالەبانی و شاندێکی نێتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە

قوباد تالەبانی، جێگری سەرۆک وەزیران ئەمڕۆ لە هەولێر لەگەڵ وەفدێکی نێتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەرکایەتیی کلێدیە کردن، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بۆ عێراق کۆبووەوە.

قوباد تالەبانی دواین گۆڕانکاریی‌کانی بۆ وەفدی میوان ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند؛ وەفدی هەرێم لە دواین سەردانیدا بۆ بەغداد گفتوگۆی باش و ئەرێنییان کردوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ و هەوڵی جدیش هەیە بۆ هەمواركردنەوەی یاسای بودجە.

وتیشی، "لەم قۆناغەدا پێویستە حکومەتی هەرێم و هەموو لایەنە کوردستانییەکان پێکەوە گفتوگۆی جدی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و فراکسیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانی عێراق بکەن تا یاسای بودجە بەشێوەیەک هەموارکرێتەوە کە کێشەی مووچەی فەرمانبەران و بەشە بودجەی هەرێم بە یەکجاری چارەسەربکات".

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و چۆنییەتی

پێکهێنانی حکومەتە خۆجێیەکان کرا. لەمبارەیەشەوە جێگری سەرۆک وەزیران جەختی کردەوە کە؛ دەبێت بەپێی ئینجامەکانی هەڵبژاردن لە پرسەی پێکهێنانی حکومەتە خۆجێیەکاندا ڕێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵک بگیرێت و هاوکاتیش نابێت هەوڵی پەراوێزخستنی هیچ لایەن و پێکهاتەیەک بدرێت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش، جێگری سەرۆک وەزیران جەختی کردەوە لەسەر پێویستیی بەڕۆچوونی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی پاک و بێگەرد کە جێی ڕەزامەندی هەمووان بێت و مافی هەموو لایەک و لەناویشیاندا پێکهاتەکان پارێزراوبێت.

لە دواین تەوەری کۆبوونەوەکەشدا باسی گەمانکاریەکانی ناوچەکە و دۆخی سیاسی عێراق کرا. هەردوولا هاوڕابوون کە پێویستە لایەنە عێراقیەکان هەستیاری دۆخەکە لەبەرچاو بگرن و بە گرتنەبەری سیاسەتی حەکیمانە خێیان بدوورگرن لە هەر جۆرە هەڵوەست و هەنگاوێک کە سەقامگیری عێراق و هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسییەوە.